www.kurdistannet.org 5-12-2002

# هاوڵاتی قسەی خۆش دەکا

**حەمەسەعید حەسەن**

ئێوە چونکە هیچ وەڵامێکتان بۆ ئەو فاکتانە پێ نییە، کە من بە ڕوومدا داونەتەوە، هاتوون باسی خۆمتان کردووە، وەک من بیرەوەریم گێڕابێتەوە. ئێوە چونکە پێتان شەرم بووە ددان بە هەڵەکانی خۆتاندا بنێن، هاتوون هاناتان بۆ هەڵڕشتنی هەندێ قسەی کە تەنیا خۆتان پێتان وایە خۆشن، بردووە. نووسینی گوتار بە شێوازی گاڵتەجاڕی، زۆر لەوە سەختترە کە ئێوە پێی بوێرن. ئەوە چۆنە ئێوەی زێڕنووس، بۆ ئاستێکی هێندە نزم دابەزیون، بەرسڤی کەسێکی قسەی قۆڕنووس بدەنەوە! ناونیشانی باسەکەتان گەواهی لەسەر ئەوە دەدات، بەو ڕاستییانەی درکاندوومن، باڵانستان تێکچووە، ئەگەر نا ناونیشانێکی هێدیتان هەڵدەبژارد و بە شێوازێکی هێمن، وەڵامتان دەدامەوە.

نووسەرێک ڕێزی خۆی و خوێنەر بگرێت، کە تۆمەتێکی دایە پاڵ کەسێک، یان لایەنێک، بەڵگەنامە دەخاتە ڕوو. ئێوە کە منتان بە جنێوفرۆش لە قەڵەم داوە، دەبوو ئەو ئەرکە بکێشن، یەک دوو نموونە لە جنێوی من دەستنیشان بکەن. گەر ئێوە خوازیارن، ئەز دەیان جنێوی مەرجەعی باڵاتان دەخەمە ڕوو. بە دەگمەن بڵاوکراوەی کوردی هەیە نووسینی منی بڵاو نەکردبێتەوە، ئەوەش تەنیا لە سۆنگەی ئەوەوەیە، هیچم بۆ نەناردووە. ئایا ئەو هەموو بڵاوکراوانە، کە دوگمەی سوخمەی خۆیان بۆ قامکی نووسینی من ترازاندووە، هەموویان سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی جنێون؟

ئەو نووسینانەی من، کە ئێوە پێتان وایە گەر بڵاوتان کردبانەوە، داخستنی هاوڵاتی بە دوادا دەهات، (ڕامان، سروە، گوڵان، مەهاباد و میدیا) بڵاویان کردنەوە. لەبەردەم نووسینەکانی مندا (سروە)ی ژێر دەسەڵاتی ئیسلام، لە هاوڵاتی کراوەتر و بوێرتر بووە. ئەوە لای من ئاسایی بوو کە ئێوە بە ئاژاوەچی نێوزەدم بکەن، ئەوە بۆ من جێگەی سەرسووڕمان بوو، دەرکتان بە جیاوازیی نێوان ئاژاوەچی و ئەنارشیست کردبوو. من دژی شمشێری ئەو یاسایەم کە هەنووکە لە کوردستان سەروەرە و کە کوردستانی نوێ بە ڕووی (ڕێبوار فەتاح)یدا هەڵکێشا. دژی ئەو یاسایەش دەبم، کە لە داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدا. من کەسێکم ئەنتی دەسەڵات، ئەنتی حیزب و ئەنتی یاسا. لای من پۆلیس هەر پۆلیسە، تا هەنووکە نە لە ئاسیا، نە لە ئەورووپا هانام بۆ دەسەڵات نەبردووە. من سڵ لە یاسا ناکەمەوە، ئەوە دەسەڵاتی ویژدانمە لێ ناگەڕێ هانا بۆ ڕێگەی پۆخڵ ببەم، نەک حوکمی یاسا، نەک ترس لە سزا. ڕێبین هەردی و مەمی بورهان قانع نیم، هەر دە پەنجەم ببڕنەوە لە ڕستەیەکی سەرکێشی خۆم پاشگەز نابمەوە. بۆ ئەوە دەستم نەداوەتە قەڵەم، سووکی بکەم، بۆ ئەوە دەستم داوەتێ، سەری بڵند ڕابگرم.

ئاسۆس هەردی کە هیوادارم یەک سەعات ئازادیی لێ زەوت نەکرێت، لەسەر ڕووشاندنی

سومعە و زڕاندنی ناوی خەڵکی سزا دراوە، نەک لەسەر بیروڕای جیاواز. قوربانیی دەستی نەبوونی ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ڕۆژنامەنووس (نورەدین سەعید وەیسی)یە، کە مانگێکە لە دەست جەوری پدک هەڵاتووە و لە شام گیرساوەتەوە. من بۆ ئەوەی کۆتری وشەی ئازاد و جوان لە ئاسمانی کوردستاندا لە شەققەی باڵ بدات، داکۆکی لە نورەدین سەعید وەیسی دەکەم. من بۆ ئەوەی وشەی بەرەڵا و دزێو ڕسوا ببێت، لە کێشەی نێوان ئاسۆسی قەڵەموەشێن و بەدرانی بریندااردا، داکۆکی لە بەدران دەکەم. بۆ من ئەوە گرنگ نییە بەدران سەر بە چ حیزبێکە، ئاخر من دەمێکە سەرانی حیزبەکەی بەدرانم کردووە بە کەرەسەی تەنز.

2002. 12. 05